

# ئاگاداری سیخوڕیکردنی لایتی مۆبایلەکانتان بن

مۆبایلە هۆشمەندەکان زۆربەیان چەندین ئەپلکەیشینی تایبەت بە لایتیان هەیە کە بەهۆیەوە فلاشی کامێرای مۆبایلەکــە دەبێتە لایتێکی بەهێز و بۆ کاتی گونجاو و شوێنی تاریك سوودی لێوەردەگیردرێت، بەڵام بەپێی زانیارییەکی نوێ بە ملیۆنان کەس کە ئەپلکەیشینی لایتیان خستۆتە سەر مۆبایلەکانیان بوونەتە ئامانجی سیخوڕی بەسەرداکردن.

ئەو ســیخوڕیکردنە بریتییە لە دۆزینەوەی شوێنی بەکارهێنـــەری مۆبایل، زانیاری ســەبارەت بە بەکارهێنـــەری مۆبایل، گوێدان بـــە پەیوەندییەکان و تەنانەت خوێندنـــەوەی کورتەپەیامەکانیش دەگرێتەوە. ئەم ئەپلکەیشنانە لەلایەن هاککەر و دزانی دیجیتالی بەرهەم هاتوون، تاکو بتوانن لە ڕێگەی ئەوانەوە کۆدی بانکی بـــەکار هێنەران بزاندرێت. بـــۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەمە نەبێتە مەترسی کە هەموو ئەپلکەیشنێکی لایت وایە بەڵکو زۆربەیان بەم شـــێوەیەن. هەوڵ بدەن ئەپلکەیشن واتە پرۆگرامی مۆبایل لە کۆمپانیا ناسراوەکان وەربگرن.




# مایکرۆسۆفت و بازوبەندە هۆشمەندەکەی

پـــاش ماوەیەکـــی زۆر لـــە بڵاوبوونـــەوەی هەواڵـــی بەرهەمهێنانی بازوبەندی هۆشمەند لەلایەن مایکرۆسۆفتەوە لە ئاکامدا بازووبەندەکە کەوتە بازاڕەوە، بازووبەندەکە کێشەکەی تەنیا 60 گرامە و لەگەڵ سیســـتەمی ویندۆز فۆن، ئەندرۆید و IOS دەگونجێت، چەندین هەســـتەوەری وەك هەســـتەوەری لێدانی دڵ، پێوانی سترێس و دڵەڕاوکێ، ڕێکخستن و نیشاندانی کاتی خەو، پێوانی مەودای ڕۆیشـــتن و ماوەی ڕۆیشـــتن، ئەمانە لەتایبەتمەندی و خزمەتگوزارییەکانی بازووبەندەکەن، ئەم خزمەتگوزارییانەشـــی هیچ پەیوەندی بە سیستەمی مۆبایلێکی هۆشمەند، یان تەبلێتێك نییە.

شاشـــە بچووکەکەی بازوبەندە هۆشمەندەکە لەجۆری TFTیە کە تەنیا 1.4 ئینجە. بەکارهێنەر دەتوانێـــت زانیاری لەبارەی پەیوەندییەکان وەك کورتەپەیام و فەیســـبووك و تویتەر لەسەر ئەم بازووبەندە ببینێ. بازووبەندەکە بە سیستەمی بلوتۆســـی 4 لەگەڵ مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە دەبەســـترێت و هەتا 48 کاتژمێر پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە.

# ئایا مۆبایلی زیرەکی Oppo N3 رکابەرێکی بەهێزی ئایفۆن 6 دەبێت؟




ئایفـــۆن 6 کەوتە بــــازاڕەوە و بێگومان ئەوانەی لایەنگری بەرهەمەکانی ئەپلن لەمێژبوو چاوەڕوانیان دەکرد، هەرچەندە دوای ئەوە لەم ســـەرەی دیکەی گۆی زەوی واتە لە کۆریا کۆمپانیای سامسۆنگ گەلاکســـی 6ی وەك رکابەرێکی بەهێزی ئایفۆن 6 خســـتەبازاڕەوە. جیهانی دیجیتالی ســـەردەم سەرکەوتنەکەی لەم رکابەرییانەدا دەبینێ، لەم دواییەشدا کۆمپانیای ئۆپۆی چینی مۆبایلی هۆشمەندی Oppo N3ی خستە بازاڕەوە، بەشـــێك لە خزمەتگوزاری و تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن.

هەرچەنـــدە لەم هەرێمەدا کە باســـی بەرهەمی چینی دەکرێت، یەکسەر زەین بۆ لای کوالیتـــی خراپ و بێ ســـوود دەڕوات، بـــەڵام هەموو چینییەك چینی نییە!! مۆبایلی زیرەکـــی OPPO N3 لە رکابـــەری لەگەڵ ئایفۆن دایـــە. تایبەتمەنـــدی ئۆپۆ بوونـــی کامێرای 16 میگاپیســـکل، بە جۆرێك کە خۆی دەرکی لێکجیا کردنەوەی مرۆڤ و شـــتی دیکەی هەیە، کامێراکە 206 پلە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و بۆ گرتنی وێنە لە پێشـــەوە وێنەی پانۆرامایی زۆر گونجاوە. وێنـــەی پانۆرامایی ئەم کامێرایـــە بە کوالیتی 64 میگاپیکسلە. هەروەها دانانی پەنجە مۆری هەیە. بە کوالیتی k4 فیلم هەڵدەگرێتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکە لەگەڵ گشـــت مۆبایلە هاوشێوەکانی جیا دەکاتەوە بوونی ریمۆت کۆنترۆڵێکی بچووکە بەناوی O-klick کە تایبەتە بە مۆبایلەکە. ریمۆت کۆنترۆڵەکە بۆ کۆنترۆڵی دەنگ، سووڕاندنی کامێراکەیە.




## کامێرای وایەرلەیس و دیتن لە شەودا

کۆمپانیای ئێلکام نوێترین کامێرای بێ وایەری دیتن لە شـــەودا بە کوالیتی HD بەناوی NCC-EWNP100WH خستە بازاڕ، بەهۆی ئەم کامێرایەوە دەکرێت لە هەر ماڵێك، یان شـــوێنێك لە شەودا بە کوالیتی HD فیلم هەڵبگرییەوە. کامێـــرای ئاماژە بۆ کـــراو توانای ئـــەوەی هەیە بچێتە ســـەر تۆڕەکان و لە هەر شـــوێنێك خەت هەبێت ســـوودی لێوەربگیرێت.

کامێراکـــە دوو ســـپیکەر و مایکرۆفۆنێکی لەســـەرە و بە ویســـتی بەکارهێنەرەکەی دەســـووڕێنرێت. تەنانەت لە تاریکەشـــەوێکی ئەنگوستەچاویشدا وێنەی رەش و سپی بە کوالیتی بەرز دەگرێت. هەروەها خاوەنی پۆرتی LAN،SD، audioیشـــە کە ئەم تایبەتمەندییانەش تایبەتن بە دەنگ و بەرزکردنی کوالیتی دەنگ.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

یەکێك لە خوێنەرانی ئەم بەشەی گۆڤارەکە پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت، من لە پرۆگرامی سکایپی سوود وەردەگرم، کە بە ناوێکی بەکارهێنەری خوازراوەوە ئەکاونتم کردۆتەوە، چۆن دەکرێت ناوی ئەکاونتەکە بگۆڕم؟

خوێنەری بەڕێز لە سکایپیدا ناوی خۆت واتە ئەو ناوەی کە دۆستانت تۆی پێدەبینن زۆر بە ئاسانی دەگۆڕدرێت، لە شریتی سەرەوە لەسەر وشەی skype لە بەشی profile خوارەوە کە نووسراوە edit profile لێبدە و لەسەر ناوەکەی خۆت کلیك بکە و بە ئاسانی دەگۆڕدرێت.

بەڵام بۆ گۆڕینی ناوی بەکارهێنەر ئەوەی داخیلی سکایپی دەبی، نەخێر ناگۆڕدرێت، دەبێت سکایپیەکی دیکە چێ بکەی، هەروەك چۆن دەتوانی ناوی ئیمێلەکەت بگۆڕی، بەڵام ناتوانی خودی ئیمێلەکەت بگۆڕی، ئەویش ئاوایە.



# جل شۆری هۆشمەندی سامسۆنگ

ئایا جلشۆریش هاتۆتە ناو ریزی ئامێرە دیجیتالییەکان و شوێنێك لە جیهانی ئایتیدا دەگرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێت بڵێین: بەڵێ لە داهاتوودا جلشۆر هەر ئامێرێکی جلشۆردنی ئاسایی نابێت، هەر بۆ نموونە: چاوێك بە جلشۆری هۆشمەندی (سامسۆنگ)دا دەخشێنین.

جلشۆری سامسۆنگ کە بە crystal blue ناسراوە ناتە کریستالی شین، جلشۆرێکی تەواو هۆشمەندە، لە رێگەی دوورەوەو بە وای-فای کۆنترۆڵ دەکرێت. تەنانەت ئەگەر لە ماڵیش نەبیت، دەتوانی بە مۆبایل فەرمانی شوشتنی پێ بدەی و قۆناخەکانی شۆشتن لە رێگەی دوورەوە ببینی. بۆ نموونە: لە شوێنی کارەکەتی دەتوانی بە ئەپلکەیشنێکی تایبەت کە لەسەر مۆبایلەکەتە ببینی ئێستا لە چ قۆناغێکی شوشتندایە.

تایبەتمەندییەکی گرنگی جلشۆرەکە بەرنامەی شوشتنی هۆشمەندە، واتە Auto optimal washـە. بەم پرۆگرامە سەرەتا چوار هەستەوەر، زانیاری تایبەت بە ئەو جلانەی کە لە ناو جلشۆرەکەدان، وەك سایزەکانیان، رێژەی پیسبوونیان، رێژەی ئەو ئاو و مادە پاککەرەوەی کە بۆ خاوێن بوونەوەی ئەم جلانە پێویستن لێکدەداتەوە. پاشان بەپێی ئەم زانیارییانە گونجاوترین شێوازی شوشتن، وەك گەرمی و رێژەی ئاو، کات، رێژەی لە ئاودانەکان. دیاری دەکات. هەروەها شوێنی ماددەی پاککەرەوە بەپێی پێویست ماددە لەخۆیدا هەڵدەگرێت، پێویست ناکات بۆ هەر جارێك ماددەی پاککەرەوەی تێبکرێت.

شاشەی تەواو لەمسی، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جلشۆرە هۆشمەندە، چونکە پرۆگرامی پێویستی بۆ ئاسانکاری بەکارهێنانی جلشۆرەکە تێدایە. تەکنەلۆژیای Eco bubble کە لەم جلشۆرەدا بەکار هاتووە دەبێتە هۆی زوو تواندنەوەی ماددەی پاککەرەوە و کردنی بە کەفێکی زۆر بۆ ئەوەی کە بچێتە ناو جلەکانەوە.



# سایتێک بۆ یەکەمین جار!

ژیان پڕە لە بەسەرهاتی تاڵ و شیرین، ئەزموونی سەرکەوتوو و هەوڵدانی شکست خواردو، سایتی IRMFT.COM ئەم سایتە ناوەکەی کورتکراوەی دەستەواژەی I Remember My FIRST Time واتــە دێتەوە بیرم بۆ یەکەمین جار! ئامانج لەم ســایتە کۆکردنەوەی چیرۆك و بەسەرهاتی راستی ژیانە لە ئەزموونی ئەوکەسانەی کە بۆ یەکەمینجار شتێکیان دیتووە یان شتێکیان کڕیوە، چ هەســتێك هەبوو کە بۆ یەکەمینجــار ئۆتۆمبیلت کڕی،بە کورتی هەر شتێك کە یەکەمین جار لەژیاندا لەگەڵی بــەرەو روو بوویە هەســتت چۆن بووە؟ لەم ســایتەدا هەزاران بەســەرهاتی لە یەکەمین جار هەیــە، تۆش دەتوانی بیرەوەری خۆت بنووســی یان بۆچوون لەســەر بیرەوەری کەسانی دیکە بدەی.



## کامێرای پلۆراید و سیستەمی ئەندرۆید

کامێــرای پلۆراید بەو کامێرایانە دەگوترێت کە هەرکــە وێنەیەکی گرت، خودی کامێراکە وێنەکە دەخاتە ســەر کاغەزێکی تایبەتیی وێنە، ساڵانی حەفتا و هەشتاکان ئەم کامێرایە زۆر بوو، بەتایبەت لە سەیرانگە و شوێنە گەشتیارییەکان.

لەم دواییەدا کۆمپانیایەك کامێرایەکی دیجیتالی پلۆرایدی بەناوی socialmatic بەرهەم هێنا، کە هەتا ئێســتا نەکەوتۆتە بازاڕەوە. کامێراکە دوو وێنە لە ســێ ئینجدا بەکەمتر لــە خولەکێك چاپ دەکات، جگــە لەوەش کامێرای ناوبراو سیســتەمی ئەندرۆیــدی لەســەرە و خزمەتگوزاریی وای-فای و بلوتوســی تێدایە، بەکارهێنەر دەتوانێ راستەوخۆ وێنەکان بۆ فەیسبووك و تۆیتەر بەرێ بکات. جگە لەوەی کە کامێراکە 14 میگاپیکســلە، کامێرایەکی 2 میگاپیکسلیشی لە پێشەوە هەیە.



## بچووکترین داتاشۆی پۆرتێبڵ

وشــەی بچووکترین، یــان گەورەترین، یان تەنکترین و ســووکترین لە جیهانــی دیجیتالیدا ماوەیەکی زۆر جێگیــر نابن، بەڵکو ئەمڕۆ ئەگەر مۆبایلێك وەك تەنکترین مۆبایل دەناسرێ، سبەی کۆمپانیایەکی دیکە پێوانەکەی دەشکێنێ، بۆ بەشەکانی دیکەش هەروایە. ئێستا هەتا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییە بچووکترین داتاشۆی (ڤیدیۆی پرۆژکتۆر)ی پۆرتێبڵ واتە ئەوانەی هەڵگرتنیان ئاسانە لەلایەن کۆمپانیای LG یەوە بەرهەم هاتووە. کێشــی ئەم داتاشــۆیە 450 گرامە، کە ئەمە بۆ ڤیدیۆ پرۆژکتۆر کێشــێکی زۆر کەمە. بەهۆی ئەم داتاشۆیەوە دەتوانی ماڵەکەت بکەی بە ســینەما. داتاشۆیەکە کە بە HD mini bem300 ناسراوە بەپێی وتەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای LG ئامێرێکی هۆشــمەندە بۆ هەموو شوێن و هەمو کاتێــك گونجاوە. ئەو ئامێــرە تایبەتمەندی ئەوەی تێدایە کە لە شــوێنی رێك چ لە ماڵ و چ لە دەرەوە بیکەی بە شاشەیەکی گەورە. ئەگەر رۆژانە 8 کاتژمێر سوودی لێوەربگیردرێت هەتا 10 ساڵ کارایی خۆی لەدەست نادات. داتاشۆیەکە راستەوخۆ لە مۆبایل و لاپتۆپ و تەبلێت و هەروەها درایڤی USB دەخرێت و توانای نیشاندانی فیلمەکانی سەر ئەو ئامێرانەی ئاماژەمان پێدان هەیە.